**(هاوڵاتی) چۆن خۆت ناساند هەروا بە !**

**هیمداد ڕەنجەڕۆ**

**هەرچەندە مێژوی ڕۆژنامەگەری کوردی تەمەنێکی دورو درێژیشی هەبێت و لە حاڵی حازردا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار لەبەر دەستدا بێت، وەکو پێویست نەگەیشتونەتە ئەو ڕادەیەی کە خورەووشتی ڕۆژنامەوانی و یاساو ڕێساکانی ڕەچاوبکەینەوە و، بەپێی ئەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین. ماوەیەك بەر لە ئێستا کاتیٚ تەماشای لاپەڕەکانی ئەنتەرنێتمان دەکرد و ڕۆژنامەی هاوڵاتیمان بەبەرچاو دەکەوت کە ناوەندەکەی لەشاری سلێمانیە و لقێکی بچوکیشی لە شاری هەولێر هەیە زۆر کەیف خۆش بووم و لەگەڵ خۆم کەوتمە گفتوگۆ و وتم تۆبڵێی چۆن حزبەکان هێشتویانە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ لە هەرێم دەربچێت، ئایا بەڕاستی حیزبەکانی کوردستانی باشوور، دیموکراتبوونە ! هەردەم لەگەڵ خۆمدا دەدوام و، نەمزانی لەنێو ئەو ماستەدا مویەك هەیە، لەنێو خەڵکیشدا هەڵساین داوامان کرد کەپشتگیری لەو ڕۆژنامەیە بکرێت و وتمان ئەوەی بەسەر ڕۆژنامەی وڵات هات خوابکا بەسەر کەسێکیتر نەیەت کە لەهەموو ڕۆژنامەیەکی جیهان زیاتر قوربانی هەیە و سەرجەمیشیان لەکوردستانی باشووردا شەهیدبوونە و بوونەتە قوربانی.**

**ماوەیەکە بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی پێشووم“ هەست دەکەم هاوڵاتی تاوەکو دەچێت زیاتر سوکانەکەی بادەداتەوە، یەکەم: من نەم دیوە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ کاتێت باس لەڕوداوێك دەکات وشەی کوژراو لەبەرامبەر لایەنێك بەکار بێنێت و بۆلایەنەکەی تر وشەی گیان لەدەستدراو بەکاربێنی، دووەم: من نەمدیوە ڕۆژنامەیەکی سەر بەخۆ لێکدانەوەی خۆی تایبەت لەسەر هەندێك شت بکات و پێش مەحکەمە حوکمی بۆبدات، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژنامەیەکی سەر بەخۆ مافی نیە ئەو دەستەواژانە بەکاربێنێت، کە بەتەنیا لایەنێك بەکاری دێنێت ماوەیەکە ئەم ڕۆژنامەیە بەناو سەربەخۆیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخو ٚو زۆر جامبازانە زمانحاڵیەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی بەشاراوەیی ئەمە ببات بەڕێوە جارو بار هەوالێکی زۆر بەسیت و سادەش لەسەر ڕێکخراوی ئاماژەبۆکراو بڵاو دەکاتەوە، زۆر سەیرە ئەم ڕۆژنامەیە کاتێك باس لە لایەنێکی وەك پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دەکات یانیش کاتێك باس لەهێزی سەربازی ئەم پارتە دەکات ئەم دەستە واژانە بەکاردێنێت کە هی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانن، نەوەك هاوڵاتی، نمونە ئەگەر سەیری ژمارەی 89 ڕۆژی دووشەممەی 2002/9/9ی ڕۆژنامەی هاوڵاتی بکەین لەمانشێتی ڕۆژنامەکە بابەتەکە بەسەردێری (مەفرەزەکانی پەکەکە دزە دەکەنە ناوچەکانی شارباژێڕ) نوسراوە، بەڵام کاتێك سەیری ناوەڕۆکی هەواڵەکە دەکەین نەك بەتەنیا ناوەڕۆکەکەی بەتاڵە بەڵکو دەستەواژەی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانی درێژکراوەی پەکەکە بەکار دێت. جگەلەوەی ئەم دەستەواژەیە دەستەواژەی لایەنێکە بە مەبەستی ڕێگرتن لەگەشەسەندن و پێشکەوتنی ئەم پارتە و ڕیسواکردنی بەکاردەهێنرێت، لەلایەنی ڕەوشتی ڕۆژنامەوانیشەوە ڕاست نیە ڕۆژنامەیەك هەڵسەنگاندنێکی ئاوا سەبارەت بە پارتێك بکات هەرچەندە بەشێکی ئەندامانی ئەم پارتە پێشتر لەنێو خێزانی پەکەکەش بووبن زۆر ئاساییە، ئەگەر بەوردی سەیری ئەرشیفی هاوڵاتی بکەین گەلیٚ جار تەماشادەکەین بەشێوەیەکی زۆر زانایانە نوێنەرایەتی (ی ن ك) دەکات. پێویستە ڕۆژنامەی هاوڵاتی چۆن خۆی لەنێو خەڵك ناساندوە هەر واش بمێنێت، چونکە ئەگەر وا نەبێت خوێنەر و لایەنگرانی لەدەست دەدات، چونکە ئێمە پشتگیری خۆمان لەهاوڵاتی نەکرد تاکو ببێتە لایەنگری (ی ن ك)و زمانحاڵی ئەو دژ بە پارتی چارەسەری کە ڕێکخراوێکی نوێیە و چەندین جار ڕوبەڕوی هەڕەشەکانی (ی ن ك)بۆتەوە. لەکۆتاییدا دەڵێم لەجیاتی فێڵی ڕۆژنامەوانی، خورەووشتی ڕۆژنامەوانی بەبنەما بگرە و، سەرەتاش چۆن خۆت ناساند هەروابە..!**

**تێبینی: پێویستە بەهەڵە لێم تیٚ نەگەن بەخوا لایەنگری هیچ لایەك نیم. من وەکو ویژدان و تێگەیشتن و ئاگادارییەکانی خۆم هەوڵمدا ئەم نووسراوە لە کوردستان نێتی خۆشەویست و،ماڵی کورد بڵاو بکەمەوە.**

**زۆر سوپاس**

**هیمداد ڕەنجەڕۆ–فیلەندا**

13.9.2002